# له یادی شاعیری گیان بەختکردوو, بەکر عەلی دا

سەردار عەبدولا
**sardar@telia.com**

یەکی ئەیلولی ساڵی 1994بوو, دانیشتوانی خانووە قوڕینەکانی حامیەی سلیمانی. ژنان و پیاوانی جل شڕ و سك خاڵی, منالآنی پێ خاوس و ڕەنگ لە ڕوودا نەماو, وردە وردە بەرەو باڵەخانەی پارێزگای سلێمانی کەوتبوونە ڕێ, بەو هیوایەی پارێزگاری سلێمانی مەرحەمەتێك بنوێنێ و ڕێگەیان بدات لە کەلاوە خاپورکراوەکانی *حامیەی تاواندا ژیانی قورینی خویان درێژە پێ بدەن. لە نێو ئەو ئاپورایەدا لە نیوّ ژنانی ڕەشپۆش و برا و مێرد ئەنفال و پێشمەرگەدا!, لەنێو پیاوانی بێکار و ڕاپەریوی ئازاردا بەکر عەلی دەبینرا, بەکر عەلی سادەە بوو هەروەك ئەوان، برسی بوو هەروەك ئەوان، تورە بوو لە یاساکانی دارستان هەروەك ئەوان. بەکر عەلی ڕابەری خۆشەویستی ئەوان بوو سیمای ئەو هەمیشە نەگۆڕ بوو دۆستان و دوژمنانی بە ئاسانی دەیان ناسیەوە ئەو لە هەموو لایەك تەنیا بە یەك دەست جلەوە دەبینرا, شەرواڵ و کراسێکی خەت خەت, ڕیشێکی پرو کاسکێتێك لە سەرا, هەرچەند ئەمە حەزی بەکر نەبوو کە گەنجێکی وەك ئەو تەنیا کراس و شەرواڵێك شك بەرێت. هەر بۆیە پاسەوانەکانی پاریزگار بە ئاسانی و بە کەمترین باسکردن بۆیان بەکریان بۆ دەستنیشان دەکرا.

ئەو ساتە بەکر دەیزانی کە دەنگی گوللە گوێی خۆپێشاندانە بێدەنگەکەیان کەڕدەکات ئەو دەیزانی کە بۆسەی مەرگ بۆ ئەو ئامادەیە, هاوڕێکانیشی زۆریان لێکرد کە ئەم جارە ئەو نەڕوات و کەسێکی تر بە نوێنەر بچێتە لای پارێزگار بەلآم بەکر نەیتوانی ئەو داوایە قبولّ بکات. ئەوە بوو ئەو ڕۆژە ئەیلولیەی سلێمانی بە خوێنی ئەو سوور ئەچووەوە.

بەکر, تا ئەو کاتەی هاوڕێکانی دوا ماڵئاواییان لێکرد خوێنی گەش لە جەستەی بێ گیانی وەك بریندار لە بەر ئەڕۆشت , دیار بوو بەکر بەڵێنی دابوو کە بە کفنی سوورەوە نەبێت نەچێتەگۆڕەوە.

بۆ ئیوارەی ئەو ڕۆژە لە تەلیڤزیونەوە خۆپیشاندەران بە یاسا شکێن و بەدڕەوشت و کانگای فەساد لە لایەن پارێزگاری شارەوە درانە قەڵەم.

شاعیری هەست ناسك و ئینساندۆست بەکر عەلی, ئەو شاعیرە بوو کە هەمیشە سرودی خۆشەویستی و ئەڤینی بۆ ژیان بۆ مرۆڤەکان دەووت, دەنگی ئەو ئەو دەنگە یاخیە بوو کە گەمارۆدرابوو لە چوارلاوە, ئەو دەنگە بوو کە دەستەلآتداران و پیاوماقولآنی شار نەیان دەویست بەرزبێتەوە, ووشەکانی ئەو پەیامێکی مەزن بوون هەر بۆیە نەیاندەهێشت بێتە سەر لاپەرەی سپی و بۆری ڕۆژنامەکان, میکرۆفۆنەکانیش لە بەرامبەر دەنگی ئەو کوژابوونەوە و ببوونە سانسۆرچی. بەلآم دەنگی بەکر ووشەی ڕاساو و خاراوی بەکر لە کۆلآنە تەسك و تاریکەکانی شار لە خانووە قوڕ و بێ تاپۆکانی شارەوە وەك گڕی نەورۆز بەرز دەبووەو و پەیامی خۆشەویستی و دەنگی هاوچینەکانی بە هەموو خەڵکی شار دەوت.

بەکر عەلی, خەباتکارێکی ڕێگای یەکسانی خوازی و ڕادیکالیزم بوو, ڕابەرێکی خۆشەویستی بێکاران و بێلانەکانی کوردستان بوو,گیانی خۆشی هەر بۆ ئەم ڕێگەیە بەختکرد.

بەکر عەلی, کە تەواوی ژیانی زەحمەت و قوربانی دان بوو,شیعرەکانی لە دایك بووی ژووری تەڕ وشیدار و بێکارەبا بوو, هەربۆیە ئاساییە کە خولیای ڕۆژی سەرفرازی, ئاشقی هەوای پاك و ماڵی ڕوناك و پڕ تیشکی خۆر بێ بۆ هەموو ئەو هاوچینانەی کە وەك ئەو لە خەمی ژیانێکی تردا بوون, ژیانێکی ئینسانی تر بۆ ئەو ئینسانە مەحرومانەی کە ماڵە قوڕ و لە تەنەکە دروستکراوەکانیان لە سەر نەخشەی دائیرەی شارەوانی بوونی نەبوو, بێ هێڵی کارەبا و تەلیفۆن بوو, بێ قوتابخانەو دایانگا بوو. بەکر عەلی, یەکێك بوو لەو ئالآ سوورانەی سەردەمی ڕاپەڕینی خەڵکی کوردستان, کە بە نەوی بوون و کەوتنە زەویی **سەدان ئالآی ڕەش لە خانووە بێ تاپۆکانەوە بۆ پرسەکەی هەستانە سەرپێ.و نەئیان بە دەستەلآتدارە چەك بە دەستەکانی دانیشتووی کۆشك و تەلارەکانی شار وت.

بەڵێ, بەکر عەلی ئەو مۆمە بوو, کە بۆ ڕوناککردنەوەی ژیان سووتا, بەڵام دەستەلآتدارانی شار و ڕابەرانی کوردایەتی فوویان لێکردو ئەو دڵە گەورەیان لە لێدان خست. بەمە کریکاران و زەحمەتکێشانی کوردستان, بێ خانەولانەکانی شار ڕابەرێکی خۆشەویستی خۆیان لە دەست چوو, دڵداران و کوران و کچانی ئاشق و دڵ پڕ لە هیواکانی شار شاعیرە هەست ناسکەکەی خۆیان لە دەست سەندنەوە. بەڵی بەکر نووست و لە وڕۆژەوەی کە فیشەکی غەدر لە دواوە گیانی لێ سەندەوە,شیعری نەوت, چونکە ئەو شاعیری چرایەك نەبوو لەگەڵ فووا پەنجەیان تێك هەڵکێشابێ, بەلێ, شاعیری ولآتێکیش نەبوو کە پۆلیسەکانی شیعرەکانیان ڕاونابێ.

*حامیە:مۆڵگەی سەربازان و پیاوانی حکومەتی بەعس کە پانتاییەکی گەورەی لە شاری سلێمانی دگیرکردبوو، ئەم مۆڵگەیە مێژوویەکی ڕەشی هەیە لەکوشتنی بە کۆمەل و تۆقاندن, لە ئازاری 1991 دا خاپوورکرا, پاشان ئاوارەو بێلانەکانی سلێمانی و ناوچەوئاوارەکراوەکان لە کەلاوەکانیدا جێگیر بوون، شاعیر بەکرعەلی ماڵی لەوێ بوو, پاشان, دەستەلآتدارە کوردەکانی دوای بەعس ئەو کەلاوانەشیان بەسەر خەڵکەکەدا ڕمان.

** دانیشتوانی گەرەکی خانووە بێ تاپۆکانی سلێمانی و ئوتێل سلێمانی ئە ئێستا ناوی سلێمانی پالاسە لە پرسەکەی بەکر عەلی دا بۆ ماوەیەکی زۆر هەر ماڵەو پەرچەمێکی ڕەشی بەرزکردبوٶە, کە شێوەیەکی نوێ بوو لە وەستانەوە بە دژی زوڵمی حاکمانی شاردا .

لە لاپەرەی شیعردا، یەکێك لە شیعرەکانی بەکر عەلی بە ناوی "شەوی شەشەم", کە لە دەستنووسەکەی خۆی وەرگیراوە پێشکەشتان دەکریت.

## شەوی شەشەم

بەکر عەلی

ئەمشەو من و پەنجەرەکەم
دوو هاوڕێی گیانی بە گیانین
ئەو با دڵداریەتی و منیش
خانمێکی سەر لێ شێواو
ئەمشەو من و پەنجەرەکەم






دوو تەریکی شارێکی پڕ لە تلیاك و
کەڵبەو.. قەڵەمی سۆزانین,
ئەو با دڵداریێتی و منیش..
چەمێکی دەستەمۆکراو.
دە ئەی پەنجەرەی داوێنم
زویر نەبی ئەمشەو ئەنووم...
هۆ خانمکەم
تۆش ئەی هەڵبەستەوانی زووم
ئەمشەو ئەنووم.. شیعر ناڵێم
شیعر مۆمێکە پیێ نابێ
من شاعیری چرایەك نیم
لە گەڵ فوا.
پەنجەیان تێك هەڵکێشابێ
من شاعیری ولاتێ نیم
سەدان شەو پۆلیسەکانی
جڕت و ..
تف و...
لیسەکانی..
خواو..
ئەستێرەو..
خۆشەویستی و..
شیعرەکانمیان ڕاونابێ
خۆشم ناوێن هۆ ئەوانەی خۆشم ویستون
لەم شەووەوە خۆشم ناوێن
ئێوە شەهوەت بە دەمارتانا ئەگەڕێ
خۆشم ناوێن
خۆشەویستیتان... سەگێکە پێم ئەوەڕێ